# وەزیری داد ڕێنمایی دا بەجێبەجێکردنی داواکارییە مرۆییەکانی زیندانیان

ئەمڕۆ شەممە"خالد شوانی" وەزیری داد ڕێنمایی دا کە داواکارییەمرۆییەکانی زیندانییەکان جێبەجێ بکرێن.

وەزارەتی داد لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- کە خالد شوانی " وەزیری داد بەیاوەری "زیاد تەمیمی " نوێنەری باڵای مافەکانی مرۆڤ ،سەردانێکی مەیدانی بە بەشی زیندانیانی (ڕەسافات) لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی عێراق ئەنجامدا.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:- لە میانەی گەشتەکەیدا بە ناو هۆڵەکانی زیندانەکان، وەزیری داد لە بارودۆخی زیندانییەکانی کۆیەوە و ڕاستەوخۆ گوێی لێگرتن، هەروەک ڕێنماییشدا کە داواکارییە مرۆییەکانیان بەپێی یاساو ڕێنماییەکان جێبەجێبکرێت.

هەر بەپێی بەیاننامەکە وەزیری داد لە درێژەی سەردانەکەیدا : گوێی لە داواکاریی ژمارەیەک لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیەکە و تەبینییەکانی ستافی کارگێڕی گرت، کە پێشنیار و داواکان بە بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدای دەزگای چاکسازی بوو بەگوێرەی بەرنامەی چاکسازی لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ستاندارد نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ بەرامبەر بە زیندانییەکان.